ISSN: 1994-4217 (Print) 2518-5586(online)

Journal of College of Education

Available online at: https://eduj.uowasit.edu.iq

# The convergence between the Yezidi and the Yarsan (Ahl-e Haqq) religions in historical, traditional, and religious aspects

**Dr. Zhilwan Abdullah Ahmed**

**Sulaimani Polytechnic University, Dukan Technical Institute**

**Email:** Zhelwan.ahmed@spu.edu.iq

***Keywords:***

**Kurdistan, Yezidi, Yarsan, donadon**

CC BY

**Article info**

***Article history:***

Received 10.Sep.2025

Accepted 15.Oct.2025

Published 28.Nov.2025

A B S T R A C T

Kurdistan, since ancient times, has been the home of many different religious and ethnic components. those who formed a Kurdish community with diversity ethnic and religious in the region.

In that context, both of the Yezidi and Kakai communities, who are composed of old sects in Kurdish society, and they had an important role in the cultural and religious field.

They have been a part of the structure of the ancient and modern Civilization of Iraqi and Kurdish society.

Both religions have several similarities and differences points, and they were living in two important areas in Kurdistan and they defended themselves during the past conflicts.

This research consists of four chapters:In the first chapter, we talked about the history of the appearance of the Yazidi religion and the prominent customs of that religion.

In the second chapter, we talked about the history of the appearance of the Kaki religion and their symbols and traditions.

And in the third chapter, we talked about the comparison between the two prominent Iraqi religions and we identified the similar points between them.

And in the fourth chapter, which is the last chapter, we discussed the different points between the both religions, and in the end, we pointed out the conclusion and the important sources that we benefited from in this research.

© 2025 EDUJ, College of Education for Human Science, Wasit University

**DOI:** https://doi.org/10.31185/eduj.Vol61.Iss3.5092

**التقارب بين ديانتي ئيزدي و والكاكائي (يارسان)، في ناحية التأريخية و التقليدية و الدينية**

**م.د. ژيلوان عبدالله احمد**
**جامعة السليمانية التقنية ، معهد التقني دوكان**

**الملخص**

كانت كردستان منذ العصور القديمة موطناً للعديد من المكونات الدينية والعرقية المختلفة. أولئك الذين شكلوا مجتمعًا كرديًا يتميز بالتنوع العرقي والديني في المنطقة.
وفي هذا السياق، كان لكل من الطائفتين الإيزيدية والكاكائية، وهما من الطوائف القديمة في المجتمع الكردي، دور مهم في المجال الثقافي والديني، لقد كانوا جزءًا من بنية الحضارة القديمة والحديثة للمجتمع العراقي والكردي، هناك العديد من أوجه التشابه والاختلاف بين الديانتين، وكانا يعيشان في منطقتين مهمتين في كردستان ودافعا عن نفسيهما خلال الصراعات الماضية.

بصورة عامة، تسعى هذه الدراسة إلى الإجابة عن مجموعة من الأسئلة، ولا سيما ما يتعلق بالتاريخ الذي يعيدنا إلى بدايات ظهور دين الإيزيدية والكاكائية. إلى أي مدى يمكن تمييز الطابع الكردي في الإيزيدية والكاكائية ؟ ما هي نقاط التشابه والاختلاف بينهما؟

لقد اعتمدت هذه الدراسة في منهجيتها على المنهج التاريخي والمقارن. وفي الختام توصّلت الدراسة إلى عدد من النتائج، أهمها أن كلا الديانتين لهما جذور تاريخية عميقة في كردستان، كما أنهما تشتركان في العديد من النقاط مع وجود بعض الفوارق فيما بينهما.

**الكلمات المفتاحية:** كوردستان، يزدي، يارسان، تناسخ الأرواح.

**بەراوردی نێوان ئاینی ئێزدی و کاکەیی (یارسان)**

**لەڕووی مێژوویی و کولتووری و ئایینییەوە**

**توێژینەوەیەکی مێژوویی بەراروردکارییە**

**د.ژیلوان عبدالله احمد**

**پلەی زانستی: مامۆستا**

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ پەیمانگای تەکنیکی دووکان/ بەشی ژمێریاری

**پوختە :**

کوردستان، لە دێر زەمانەوە لانکەی ژیان وشوێنی نیشتەجێبوونی چەندین پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی جیاوازە، کە پێکەوە بونیادی کۆمەڵگەی کوردستانیان پێکهێناوەو سیمای کۆمەڵگەیەکی فرە ئاین و نەتەوەییان بە ناوچەکە بەخشیوە، لەو چوارچێوەیەشدا هەردوو پێکهاتەی ئایینی ئێزدی و کاکەیی، کە دوو ئایین و ئایینزای دێرینی نێو کۆمەڵگەی کوردین ڕۆڵێکی گرنگیان لە بواری کولتووری و ئایینی دا هەبووە، بوونەتە بەشێك لە سەرخانی کولتووری و شارستانییەتی کۆمەڵگەی

عێراقی و کوردی لە کۆن و لە ئێستادا، هەردوو ئایینەکە چەندین خاڵی جیاواز و وێکچووییان هەیە و لە دوو ناوچەی گرنگی کوردستان هەبوون و خۆیان پاراستووە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەلامیچەند پرسیارێک بەدەست بێنێت، بەتایبەتی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم دوو ئاینە بۆکەی دەگەرێتەوە ؟ تاچ رادەیەک مۆرکی کوردی بوون بەم ئاینانەوە دیارە؟ خاڵی هاوبەش و جیاوازی ئەم دوو ئاینە چییە؟

بۆنوسینی ئەم توێژینەوەیە سوود لە میتۆدی مێژوویی و بەراوردکاری وەرگیراوە، لو کۆتاییشدا توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێک گەیشتووە، بەتایبەتی بەو ڕاستییە گەیشتووە کە ئەم دوو ئاینە ریشەیەکی مێژوویيان لە کوردستاندا هەیە و چەندین خاڵی هاوبەش و جیاوازیشیان تیا بەدی دەکرێت.

**پێشەکی:**

کوردستان، لە دێر زەمانەوە لانکەی ژیان وشوێنی نیشتەجێبوونی چەندین پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی جیاواز بووە، کە پێکەوە بونیادی کۆمەڵگەی کوردستانیان پێکهێناوەو سیمای کۆمەڵگەیەکی فرە ئایین و نەتەوەییان بە ناوچەکە بەخشیووە، لەو چوارچێوەیەشدا هەردوو پێکهاتەی ئایینی ئێزدی و کاکەیی، کە دوو ئایین و ئایینزای دێرینی نێو کۆمەڵگەی کوردی بوون ڕۆڵێکی گرنگیان لە بواری کولتووری و ئایینی دا هەبووە، بوونەتە بەشێك لە سەرخانی کولتووری و شارستانییەتی کۆمەڵگەی عێراقی و کوردی لە کۆن و لە ئێستادا، هەردوو ئایینەکە چەندین خاڵی جیاواز و وێکچوویيان هەبووە و لە دوو ناوچەی گرنگی کوردستان بوونی خۆیان پاراستووە. ئەم توێژینەوەیە، کە لە چوار تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسمان لە مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی ئێزدی و سیما دیارەکانی ئەو ئایینە کردووە، لە تەوەرەی دووەمیشدا باسی مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی کاکەیی و سیمبول و داب ونەریتەکانی ئایینەکە کردووە، لە تەوەرەی سێیەمیشدا بەراوردی نێوان ئەم دوو ئایینە دیارەی عێراقمان کردووە و خاڵە هاوبەشەکانی هەردووکیانمان دەستنیشان کردووە، لە تەوەرەی چوارەمیشدا کە کۆتا تەوەرەی توێژینەوەکەیە، باسمان لە خاڵە جیاوازەکانی هەردوو ئایینەکە کردووە، لە کۆتایشدا ئەنجام و گرینگترین ئەو سەرچاوانەمان ئاماژە پێداوە، کە لە توێژینەوەکەدا بەکارمان هێناوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تاکوو ئێستا بەپێی پێویست توێژینەوەی زانستی لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا لەسەر ئەم بابەتە و بەتایبەتی سەبارەت بە خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانیان ئەنجام نەدراوە و لە ڕووی ئەکادیمیەوە بەراورد نەکراون، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەردوو ئایینەکە بەراورد دەکەین و لێیان دەکۆڵینەوە.

**کێشـەی تـوێژینەوە:** دیـاریکردنی کێشـەی تـوێژینەوە مەرجێکـی سـەرەکییە بـۆ ئەنجامـدانی هەرتـوێژینەوەیەك، هەربـۆیە دەستنیشـانکردنی گرفتەکـان و دارشـتنیان هەنگـاوێکی گرنگـی پرۆسـەی تـوێژینەوەیەو سـەربەنێکە بـۆ ئەوەی هەنگـاو بەرەو کارەکـانی دواتـر بنـێن، کێشــەی ئەم تـوێژینەوەیە خـۆی لەوەدا دەبینێـتەوە کە واقعـی پێکهـاتەی کـۆمەلایەتی لە هەرێمـی کوردسـتاندا، بەجـۆرێکە کە تەنهـا لەیەك رەگەزو ئـاین پێکنەهـاتووە، بەڵکـو سـیماو مـۆرکێکی مـوزایکی و فرەیـی پێوەدیـارە، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەلامی ئەو پرسیارانە بەدەست بێنێت، کە ئایا ئەم دوو ئایینە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان هەیە؟ خاڵە هاوبەشەکانیان چین؟ لە کوێدا جیاوازن؟ ئایا پەیوەندی لەنێوانیاندا هەبووە؟ هەربۆیە هەوڵدەدرێت لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا وەلامی ئەو پرسیارانە بەدەستبهێنرێت.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە خستنەرووی جیاوازی و خاڵە هاوبەشەکانی ئەم دوو ئایینە، لە ڕووی ئایینی و سروتە ئایینییەکان و شوێنی نیشتەجێ بوون و کاریگەرییە کولتورییەکانیان لە نێو کۆمەڵگەی عێراقی.

**میتۆدی توێژینەوە:** بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی مێژوویی و شیکاری بەستراوە و هەوڵدراوە لە هەندێك کاتیشدا سوود لە میتۆدی بەراوردکاری وەربگرین.

**تەوەرەی یەکەم: مێژووی دەرکەوتنی ئایینی ئێزیدی و باوەڕ و ئەرکە ئایینییەکانی**

**١.مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی ئێزیدی**

سەبارەت بە ناوی ئێزدییەکان ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، چونکە ئەم ئایینە بەهۆی دێرینیەوە گۆڕان بەسەر ناو و ئەرکە ئایینییەکانیدا هاتووە وەك (ئێزید) یان (ئێزدان) یاخود(یەزدان) و هەندێك جاریش بە (داسنی) ناوبراوە، هەندێکیش پێیانوایە ناوەکەی لە وشەی (یزد) یان (ایزدی)ی فارسییەوە هاتووە، کە بەواتای خودا، یان ڕوحی چاکەخوازی و چاکەدۆستی، کە پێچەوانەی (ئەهریمەن)ە.(التونجی، ١٩٩٩: ٦).

هەندێك لە نووسەرانی تر بە (ئێزدی) ناویان بردوون، پێیانوایە تیرەیەکی کوردن و لە تیرەکانی تر بیروباوەڕی خۆیان پاراستووە، بەڵام میللەتانی تری دراوسێیان بە هەڵە وشەکەیان شێواندووە و بەناوی ( یەزیدی) ناویان دەبەن. (نوری پاشا، ١٩٩٨: ٣٨). هەندێك لەمێژوونووسانی تر باوەڕیان وایە، کە ئێزدییەکان بەناوی (یەزدان)ی باپیرە گەورەیانەوە ناسراون (ئێزدی) یان (ئێزی) بەناوی ئەوەوەیە، کە ئەوان خواپەرستن، لەزمانی فارسیدا (یەز) بووبە (ایزد) ولە کوردیشدا (ئێزد)، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە مانای وشەکە (ئێزدی) بووەتە (پەرستاران). ( فەتاح، ١٩٦٢: ١٦؛ میران ، ١٩٩٣: ٩٣).

هەروەها وشەی (یەزد) یان (یەزدان) لە کوردی وفارسیدا بەواتای ( خودا) هاتووە، بەو پێیە ئێزدییەکان ناویان لە (یەزدان) یاخود (ئێزدان)ەوە هاتووە، کە وشەیەکی کوردییە بە واتای (خودا)هاتووە ( گۆرانی، ٢٠٠٠: ٢١٤)، بە بۆچوونی ئێزیدییەکان خۆیان ناوەکەیان لە (ئێزدی)یەوە هاتووە، کە بەمانای بەندەی خودا یان خودا پەرست هاتووە، هەندێك پێیانوایە ئێزدی یان لە (ئازای)یەوە هاتووە، کە خولقێنەرە، لەچەند سەرچاوەیەکدا باس لە ئازایی کراوە، کە(ئێزد)ە یان (ئێزد)، کە خواوەندی (بەخت ونوسر)بووە لە بابل (ئازدای) خواوەندی میدییەکان بووە لە ئێران، ئێزدی کە لە سێ پیت پێکهاتووە (ئێ، زد، ی) لەسەر بەردێکی سۆمەری دۆزراوەتەوە، کە بەخەتی بسماری بەمانای گیانی پاك هاتووە(کەیوان: ٢٠١٣: ١٨٠)، (ئێزی) بەمانای خودا هاتووە، لەلایەکی ترەوە لە دەقە ئایینییەکانی ئێزدییەکان دەتوانین ئاماژە بە وشەی (یەزدان) بکەین، کە بەواتای بەدیهێنەری گەورە هاتووە، وەك لە قەولی پادشایی دا هاتووە: یەزدان خاوەنی دنیاو دوارۆژە، هەر ئەو وەڵامی هیواو ئاواتەکانم دەداتەوەو جێبەجێی دەکات، ئەو تەنها خودای منە. ( لالش، ١٩٩٧: ١١٥).

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە زۆرێك لە مێژوونووسان ناوەکەیان بەناوی (یەزیدی کوڕی موعاویە٦٠_٦٤کۆچی) بەستوتەوە، یاخود دەیانبەنەوە سەر نەوەی ( یەزیدی کوڕی ئونیسەی خاریجی)، (حسن، ٢٠١٧: ١٧٣)، بەڵام لە ڕاستیدا تاڕادەیەک زۆربەی سەرچاوەکان هاوران لەسەر ئەوەی ناوی ئێزدی پەیوەندی بەم کەسایەتیانەوە نییە (الحسنی، ١٩٨٢: ٨٠؛ ئەڵوەنی، ١٩٩٩: ١٢)، هەندێك لە مێژوونووسانیش بە (داسنی) ناویان بردوون، کە ناوی ئەو شوێنەیە کە تێیدا نیشتەجێ بوون، هەروەك شەرفخانی بەدلیسی ئاماژەی پێکردووە، کە ئەو تیرانەی وەك ( خاڵی، پەیسان، مەحمودی، دون بولی، داسنی)یەکان کەوتوونەتە سەر ڕێگای مووسڵ وشام، کە ئەم تیرانە ئێزدی و لە دەستەی (شێخ عدی کوڕی مسافرن) (بەدلیسی، ١٩٧٢: ٣٠)، پەیرەوکەرانی ئایینەکە زۆرجار لەمێژوودا بەناوی (داسنی)خۆیان ناساندووە. (ئێزەدی، ٢٠٠٠: ٦٣؛ میران، ٩٢). ئەوەی لە ڕاستییەوە نزیکە ئەوەیە، کە ناوی ئێزدی یان ئێزدییەکان بۆ وشەی (ئێزد) دەگەڕێتەوە، کە واتای خواوەندە، چونکە ئێزدییەکان خۆیان بە خواپەرست لەقەڵەم دەدەن.( ئۆمەرخالی، ٢٠٠٧: ١٨)

سەبارەت بەمێژووی ئەم ئایینە، تاوەکوو ئێستا بۆچوونێکی ئەکادیمی و یەکگرتوو لەسەر سەرەتای دروستبوون و سەرهەڵدانی ئەم ئایینە نییە، چونکە ئەم ئایینە ئایینێکی بانگەشتی نەبووە و پەیوەندیان بە جیهانی دەرەوەی خۆیان زۆر

کەم بووە، کەسێك کە ئێزدی بێت دەبێت دایك و باوکی ئێزدی بن، هەروەها بەهۆی ئەوەی، کە پیاوانی ئایینەکە نەیانهێشتووە کەسانێکی بێگانە لە بیروباوەڕی نهێنیی ئایینەکەیان تێ بگەن.( داود، ۲۰۱۹: ۱٤٦).

لە تێڕوانینی هەندێك نووسەر و لێکۆڵەرەوە، ئێزدی ئایینێکی کۆنی کوردە باوەڕیان وایە، کە ئێزدیاتی تێکەڵەیەکە لە ئایینە کۆنەکانی کوردو فارس وەك ئایینی زەردەشتی، مانەوی و بت پەرستی (لاوك، ۲۰۰۹: ۸٥)، هەروەها یەکێك لە کۆنترین ئەو ئایینانەی کەلە میزۆپۆتامیادا هەبووە ( خۆشناو، ۲۰۰۷: ۹٦)، ئێزدییەکان خۆیان مێژووی سەرهەڵدانی ئایینەکەیان بۆ چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگێڕنەوە، کە ناویان بە (شەمسانی)بووە و دەچێتەوە سەر بنچینەی میثرائی، بیروباوەڕی ئێزیدیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکات و سەردەمەی، کە فریشتەکانی تیدا خولْقێنراوە، ئەوەش کاتێك، کە ئێزدی هەستا بە دروستکردنی فریشتەکان و پێیان ڕاگەیاندن، کە نابێت کڕنووش بۆ هیچ کەس ولایەنێك بەرن جگەلە (خودا)، دواتر دوای چل هەزار ساڵی خودایی بە ئامادەبوونی فریشتەکان (ئادەم) لە چوار کەرەسەی (ئاو، با، خۆڵ و ئاگر) دروستکرد و هەڵساوەتە سەر پێی خۆی،( کوردستانی نوێ: ٤٤۳۲: ۲۰۰۷). لای کۆمەڵێکی تر داهێنەری ئەم ئایینە (شاهد بنی جراحە)ە یەکێکە لە کوڕەکانی حەزرەتی ئادەم(ئەحمەدی، ۲۰۰٥: ٤٤).هەندێکی تر پێیانوایە، کە ئەم ئایینە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئایینی ئیسلام، دەڵێن درێژکەرەوەی ئایینی زەردەشتییە (کاکەڕەش، ۲۰۰۷: ۸۰)، بەپێی نووسراوەکانی دەستنووسی ئێزدی و نووسەرەکانی هەندێك لە مێژوونووسان ئێزدییەکان لە پاشماوەی ئایینی مانین و هەروەها ئایینی زەردەشتی و مەزدەکیش کاری کردۆتەسەر ئایینەکە و شێوازی پەرستش و سیمبولەکانیان، هۆکاری ئەوەش کە ڕەگ وریشەیان دەگێڕنەوە بۆ پاشماوەی ئایینی مانی ئەوەیە، لەبەرئەوەی هەندێکیان ساڵی (۲۷٦ز) بەسەرەتای مێژووی خۆیان دادەنێن وئەم مێژووەش لەگەڵ کوژرانی مانی (۲۱٥_۲۷٦ز) یەك دەگرێتەوە و زۆربەی ڕێ وڕەوشتەکانی ئێزدیەکانیش لە ڕێ وڕەسمەکانی ئایینی مانی دەچێت. (بۆرەکەیی، ۲۰۰۲: ٥-٦).

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا بگەیتە ئەوەی، کە ناوی ئایینەکە لە (ئێزیدی) بە واتای (یەزدان و خودا) هاتووە، چونکە سەرچاوەی یەکەمی ئایینەکە خوداپەرەستی و یەکتاپەرەستی بووە.

ب. باوەڕ و ئەرکە ئایینییەکانی ئێزدی

ئایینی ئێزدی وەك هەر ئایینێکی تری ئەم جیهانە، کۆمەڵێك باوەڕ و ئەرکی ئایینی و سروت وڕێ وڕەسمی تایبەت بەخۆی هەبووە و تاکی ئێزدی لەژیانی ئایینی وکۆمەلایەتی خۆیدا پەیرەویان لێ کردووە و هەندێکی داب ونەریتە و هەندێکیشی بنەمای ئایینەکەیە لەوانە:

۱. نوێژ کردن: نوێژی ئێزدی بەزمانی کوردییە و لەکاتی جۆراوجۆردا نوێژ دەکەن، نوێژ لای ئێزدییەکان گوزارشتێکە لە کۆمەڵێك وتەو جوڵە و پەیوەستە بەکاتێکی دیاریکراوەوە، پێیانوایە زەوی هەمووی پاك وخاوێنە و خودا لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەیە، لە قەوسی تاوسی مەلەکدا هاتووە: (یارەبی لە نەخانە نەخوردە، یاربی مەکانی تەوی لە هەموو عەردە)، سەبارەت بە ژمارەی نوێژی ئێزدییەکان بیروڕا جیاوازە نووسەرێك هەیە دەڵێت ئێزدی دوو نوێژی هەیە، هەیانە دەڵێ: "سێ نوێژی هەیە"، هەندێکی تر دەڵێن:" ئێزدیەکان شەش نوێژ دەکەن". (کەریم زەند، ۲۰۰٤: ۷٤). بەگشتی ئێزدییەکان لە ڕۆژێکدا دووجار نوێژ دەکەن، ئەویش نوێژی بەیانی و نوێژی ئێوارە پێش خۆرئاوا، سەبارەت بە دووعای نوێژەکەیان دەبێت هەموو ئێزدییەك هەموو ڕۆژێك دوعا بکەن ودەست ودەم وچاو بشۆن و پشتیان ببەستن بەدڵێکی پاکەوە، ڕوودەکاتە خواو دەستی دەخاتە سەریەك دەست و دوعا دەکات و دەڵێ: "ئامین، ئامین، تەبارەك دین، ئەڵلا ئەحسەن ئەلخالقین، حەق حەمدولیلا یارەب ئەلعالەمین". (ئەلْوەنی، 17-18).

نووسەرێک باسی لەوە کردووە، ئێزدییەکان ڕۆژانە سێ جار نوێژدەکەن و لەنوێژی بەرەبەیان و خۆرئاوا بوون دا ڕوودەکەنە ڕۆژ و لە نوێژی نیوەڕۆیاندا ڕوودەکەنە (لالش)، کە شوێنێکی پیرۆزە و وەك قیبلەی ئێزدییەکان وایە.(کەریم زەند، ٧٦).

ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەندێك بڕوایان وایە ئێزدییەکان ڕۆژی شەش جار نوێژ دەکەن و لەکاتی نوێژکردندا ڕوودەکەنە خۆرهەڵات و پێش خۆرهەڵاتن سێ جار سەر دادەنەوێنن، بەو باوەڕەی کە خۆر ڕۆشنایی پەروەردگار و کرداری یەزدانە ڕێبەری مەردوم دەکات بۆ ڕێی ڕاست، هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەن، کە هەموو ڕۆشنایی جیهان لە خۆرەوەیە و خۆر بریتییە لە ڕۆشنایی و تیشکی خودایی، کە ئەم بڕوایەش زۆر کۆنە.

دوای هەر نوێژێك دەبێت نزای خۆر بخوێنن، کە پێی دەڵێن نزای پاش نوێژ: (حەقووتوو پادشاهی_خودای میهروماهی، ڕەزاقی جن وئینسێ_خودای عالەما قوسێ) (بۆرەکەیی: ٣١)، نزایەکی دیکەشیان لە کۆتایی نوێژەکاندا هەیە، کە بەم شێوەیەیە: (ئەی شەرەفەدین غەرزی گولی، مزگێنی بێنە بۆ کوردستان، دەفتەری ئیمان بڵاوبکەنەوە، شێخ شەمس ڕۆژی ئێزیدیانە، شەرەفەدین میرە لەدیوانە، تاکوردستان بەدوایان کەوێ تۆپەکان بەرداتە تورکستان، تەختیش بێنێ بۆ کوردستان، بەڵاش بەربێتەماڵی عەرەبستان) (لاوك: ٢٠٠٩: ٨٧).

**بەشێوەیەکی گشتی ئێزدییەکان سێ جار نوێژ دەکەن، بەم شێوازەی لای خوارەوە:**

١. نوێژی فەجر (سپێدێ): پێویستە هەر ئێزدییەك پێش خۆرهەڵاتن لەخەو هەستێت و چاوی بشوات و کەمێك خوێ یان کولەکەیەك یان هەر شتێکی تر لەسەریان دانێن و پشتیان ببەستن و بەدڵێکی پاکەوە دوعای خۆیان بکەن.( حسێن، ٢٠٠٢: ١٣).

٢. نوێژی خۆرهەڵاتن: ئەم نوێژە کاتێك دەکرێت، کە گزنگی خۆ هەڵدێت ئەو شوێنە ماچ دەکەن، کە خۆر لێی دەدات. ( میران: ١٦).

٣. نوێژی خۆرئاوا(ئێوارە): ئێواران ئەم نوێژە دەکرێت، کە پێی دەڵێن (شەهادەت)، نەوەك لەکاتی خەوتندا بمرێت لەبەرئەوەیە پێویستە نوێژی شەهادەت بکرێت، جگەلەم نوێژانە ئێزدییەکان نوێژێکی تایەتیشیان هەیە لە نیوەی شەعباند، کە ئەم شەوە لای موسوڵمانەکانیش پیرۆزە و پێی دەڵێن (بەرات)، لەو شەوەدا ئێزدییەکان بەمیرو پیاوانی ئایینییەوە لە مەرقەدی شێخ عدی کۆدەبنەوە ویەکێك لە شێخەکان دەبێتە (پێش ئیمام) ونوێژەکە شەش ڕکاتە ویەك سوجدەیە، کە پێیانوایە ئەم نوێژە جێگەی نوێژی ساڵێك دەگرێتەوە. (میران، ٣٤).

٢. حەج و زەکات: حەج وزەکاتیش دوانی ترن لە داب ونەریت وڕێوڕەسمی ئایینی ئێزدی، کە ئەمیش کۆمەڵێك ڕێوڕەسمی خۆی هەیە و سەردانی گۆڕی شێخ عدی دەکەن و کانییەکیان هەیە بەناوی (کانیە سپی) و بەردی ڕەشیشیان هەیە. (میران، ١٣٦).هەموو ساڵێك (٢٣ی ئەیلوول) لەکاتی خۆرهەڵاتن حەجی ئێزدی لە لالش دەست پێدەکات و (٧)ڕۆژ بەردەوام دەبێت، لەوکاتەدا هەموو زاناو خەڵکی ئایینەکە و شێخەکانیان ئامادە دەبن و بەقسەی شێخ ئادی دەکەن و سوودی لێوەردەگرن، ناوی خودا بەردەوام دەهێنن و دەیپەرستن، بۆیە ئێزدییەکان ئەم شوێنە لەلایان پیرۆزە و کردوویانەتە جێ نزرگەی خۆیان، پێویستە هەموو ئێزدییەك جارێك سەردانی لالش و شێخ عدی بکات، ئەگەر کەسێك سەردانی گۆرەکەی کردو شتێکی پێشکەش نەکرد وەکوو قوربانی ئەوا ئەو کەسە لە ڕوانگەی ئایینەکەوە کافرە. (سەرگەلی، ٢٠٢١: ١١٣).

ئەو کەسەی حەج دەکات دەبێت بە پێوخاسی بڕوا بۆ مەرقەد، بەسەر پردی سیراتدا بپەڕێتەوە، چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە جێگەکە گەلێك پیرۆزە و نابێت پیس بێت یان کاری خراپی لێ بکرێت، بەڵام تەنها پیاوانی ئایینی بۆیان هەیە بەدەوری گۆڕی شێخ عدی بسوڕێنەوە، خەڵکەکەی تر بەدەوری شێخ وپیرەکانیان دا دەسوڕێنەوە وتەواف دەکەن. (میران،

١٣٦).ئێزدییەکان پاش ئەوەی مەراسیمی حەجیان ئەنجامدا، ئاهەنگ وسەیران دەگێرن و لە کۆتاییدا هەریەکەو بەرەو ناوچەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە(ئەڵوەنی، ١٠٨).

سەبارەت بە زەکاتیش لەلای ئێزدییەکان، ئەوەیە کەوەك واجبێکی ئایینی سەیریان کردووە، باسیان لەوە کردووە کاتێك شێخ عەدی سەیری کردووە، کە شێخ وسەرۆکە ئایینیەکان جیاوازن لەڕووی کێڵگە ومولْکەوە و پەرەپێدان وزیادکردنی سامانەکانیان، بۆئەوەی ڕوحی باڵا لە نێوانیاندا بچێت و دووریان بخاتەوە لە خۆشەویستی سەروەت وسامان و چاوچنۆکی و وایان لێ بکات چاویان لە قیامەت بێت، داوای لێکردن دەسبەرداری هەندێك لە سامانەکانیان بن و بۆ فەقیرو موریدو دەرویشەکانیان وەك فەرمانێکی ئایینی پارەبدەن یان زەکات بدەنە خاوەنی ڕەسەن.(الختاري، صوت لالش: ٢٠٠٤).

لە کۆنەوە ئێزدییەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاری ئایینەکەیان پشتیان بەزەکات بەستووە، ئەو زەکاتەش بەشێوەیەکی سەرەکی لەو پارەیە پێکهاتووە، کە بەبۆنەی هاتنی سەنجەقەکانی تاوسی فریشتەوە بۆ ناوچەی ئێزدییەکان لەلای ئەندامانی تایفەکەوە دەبەخشرێت، ئەو سامانەش لەلای میرەوە بە قازانجی تایفەکە خەرج دەکرێت. (ئەڵوەنی، ١٠٩).

٣.خوشك و برای ئاخیرەت: بەپێی بنەماکانی ئێزدی دەبێت هەموو ئێزدییەك خوشکێکی ئاخیرەتی هەبێت، هەموو بەیانییەك دەستی ئەو خوشك و برای بگوشێت و هەرکاتێك کراسێکی بۆخۆی دووری دەبێت خوشکەکەی ملیوانەی کراسەکەی بۆ هەڵدڕێت و دەبێت ملیوانەکەی خڕبێت و لە مردنیش دا ئەم دووانە لەسەری ڕادەوەستن و یارمەتی پیرو شێخ دەدەن لە شوشتنیدا و لەپاشدا بۆی ئەپاڕێنەوە. (شاکر فەتاح: ٦٠).ئەمەش مەراسیمی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەگەر ئێزدییەك مردوو میراتگری نەبوو موڵك ومالْەکەی بۆ میر دەبێت، بەلام هەندێکی تر دەڵێن بۆ برای ئاخیرەت دەبێت، چونکە بەپێی نەریتی ئێزدییەکان ئەگەر یەکێك مردوو منداڵی وردی لێ بەجێما ئەوا برا ئەخیرەتی مردووەکە منداڵەکانی بۆ بەخێو دەکات و گەورەیان دەکات. (میران، ١٣٦-١٣٧).

ئاهەنگ بۆ خوشك وبرای ئاخیرەت دەکرێت و لەو ئاهەنگەدا داوا دەکات و دەڵێت: ئاخیرەتم دەوێ، سێ جار دووبارەی دەکاتەوە و ئەویش دەڵێت: ئاخیرەتەکەم دا بەتۆ، دوای بەراتێك دەکەنە ناو هەندێك ئاوەوە و هەردووکیان لەو ئاوە دەخۆنەوە، بۆ ئەوەی لە دونیاری ئاخیرەت ببنە براو خوشکی یەکتر. (شەنگالی، ٢٠٠١: ١٠٢).

٤.مۆرکردن:

یەکێکی تر لە ئەرکە ئایینییە گرینگەکانی ئێزدی مۆرکردنە، کە دەبێت هەموو ئێزدییەك بە منداڵی ببرێتە (کانی سپی)و لەوێ لەلایەن پیاوێکی ئایینییەوە مۆربکرێت (مراد، دەنگی لالش: ٢٠٠٤)، دەبێت کەسوکاری منداڵەکە، کە دەیانەوێت مۆری بکەن چوار نان و مریشکێکی سوورکراوە و شەکرات وهەندێك پارە لەگەڵ خۆیان بەرن جلێکی سپی لەبەر منداڵەکە بکەن. (ئەڵوەنی: ١٠٢).سەرپەرشتیاری کانیەکە سێ جار ئاو پرژێنی منداڵەکە دەکات ئەوسا بەکەس وکاری دەداتەوە و ئەوانیش هەست بەخۆشییەکی زۆر دەکەن و دەست دەکەن بە چەپڵە لێدان و هەستی خۆشی دەردەبڕن و شەکراتەکە هەڵدەڕێژن، ئاوی ئەو کانیە کراوە بە دووبەشەوە و دەڕژێتە ناو حەوزی جیاوازەوە، یەکیان تایبەتە بەکچان و ئەویتریشیان تایبەتە بە کوران، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئاو لە بیروباوەڕی ئێزدی دا توخمێکی پیرۆزە و دەتوانێت گوناهی مرۆڤ بشواتەوە و بیکاتە کەسێکی پاك و بێگەرد. (ئەڵوەنی، ١٠٢).

٥. مەراسمیی جەژن: ئێزدییەکان چەندین جەژنی جۆراوجۆریان هەیە، هەریەك لەو جەژنانە تایبەتمەندی و ڕێوڕەسم و مەراسیمی تایبەتی خۆیان هەیە، گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم: جەژنی سەری ساڵ: ئەم جەژنە دەکەوێتە چوارشەممەی یەکەمی مانگی نیسان، ئەمەش بەڕای ئێزدییەکان دەکاتە هەمان ئەو ڕۆژەی، کە یەکێك لە خوداوەندەکانیان بە فەرمانی خودای گەورە (ئێزین) بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دنیا دابەزیوە. (میران، ١٣٧)، هەروەها باوەڕیان وایە، کەلە ڕۆژی چوارشەممەدا مەلەك تاووس لەدایك بووە، هەر لەو چوارشەممەشدا هاتۆتە لالش، چوار شەممە نوح لەدایکبووە، چوارشەممە لالش دروست بووە، لافاوی نوح دروست بووە و چوارشەممە دروست بوونی دونیایە.

ڕۆژی جەژن کچان وژنان جلوبەرگی ئاڵوواڵا و ڕەنگاوڕەنگ لەبەردەکەن و خۆیان دەڕازێننەوە و بەرەو شاخەکان دەڕۆن، هەروەها کوران وکچان گوڵاڵە سوورەی ناو دەشت دەچیننەوە و دەیکەن بە چەپکە گوڵ و لە ماڵەکانیاندا هەڵیدەواسن و هەر لەم جەژنەدا خواردەمەنییەکی زۆر بەسەر هەژاراندا دەبەخشنەوە، گەنجەکانیان هەر لەم جەژنەدا هێلکە ڕەنگاوڕەنگ دەکەن و لەگەڵ یەکتری هێلکە شکێنە دەکەن (فەتاح: ٦٦).ئەگەر سەردانی خزمێکیان کرد دەبێت هێلکەیەك لەگەڵ خۆی بەرێت و هێلکە شکێنە بکات (بۆرەکەیی، ٣٨). ڕۆژێك پێش جەژن هەموو خێزانێك ئاژەڵێك سەردەبڕن و جۆرە کولێرەیەك بەڕۆن ئامادە دەکەن، بەناوی (صەوك)، هەموو ماڵەکان بۆ یەکتری ئەنێرن و لەبری ئەوە هێلکەی ڕەنگ کراوی بۆ دێتەوە (میران، ١٣٧).

٢. جەژنی کۆمەڵی: ئەم جەژنەیان دەکەوێتە (٢٣ی ئەیلوول) و بۆماوەی (٧)ڕۆژ بەردەوام دەبێت، واتە تاوەکوو ٣٠ی مانگ ئینجا کۆتایی دێت(چتۆ، دەنگی لالش: ٢٠٠٨)، لەم جەژنەشدا دەبێت هەموو ئێزدییەکی پابەند ئامادەبێت، لەم جەژنەدا جگەلە نان و پیاز وساوەر هیچی تر لەگەڵ خۆیان نابەن، لەو ماوەیەدا هەر ئەو خواردنە دەخۆن، کە خزمەتکارانی مەرقەدی شێخ عدی ئامادەی دەکەن، هەرکەسێك بۆ ئەمە خەرجییەك دەدا.( میران، ١٣٨).

٣. جەژنی بین هەڵدێ: ئەم جەژنە دەکەوێتە ڕۆژی (٧ی کانوونی یەکەم)، کەبەڕۆژی لەدایك بوونی ئێزدی دادەنرێت، شەوەکەی هەر ماڵێك ئاگرێك دەکاتەوە و سێ جار لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا بەسەر ئاگرەکەدا بازدەدەن، وا باویشە لەو شەوە مێووژ و کولیچە و قەیسی دەخۆن (میران، ١٤٣).

٤. جەژنی مردووان: ئەم جەژنە (١٢)ڕۆژ دوای جەژنی بین هەڵدێ دێت، هەروەها پێشی دەوترێت جەژنی پیرەژنە شێت .( میران، ١٤٣). لەم جەژنەشدا هەروەك جەژنەکانی تری پێش خۆی چەند داب ونەریتێکی تایبەتی هەیە، کولیچە دروست دەکەن و دەیبەخشنەوە بەسەر هەژاراندا.

٥. جەژنی قوربان: ئێزدییەکان بەم جەژنە دەڵێن جەژنی حاجیان، ئەمە هەمان جەژنی موسوڵمانەکانە، لەم جەژنەدا ئێزدییەکان دەچنە لالش و سەرچیای عەرەفات وبەردی ڕەش زیارەت دەکەن و ئاوی زەمزم دەخۆنەوە.( میران، ١٤٤).

٦. جەژنی خدر ئەلیاس: ئەم جەژنەیان دەکەوێت یەکەم ڕۆژی پێنج شەممەی مانگی ڕەشەمێ، هەندێك جار سێ ڕۆژ بەڕۆژ دەبن و هەندێك جاریش یەك ڕۆش بەڕۆژوو دەبن، هەندێك دەڵێن ئێزدییەکان بە قەشەیەکی دیان دەڵێن خزر ئەلیاس و سەردانی گۆڕەکەی دەکەن، کەلەنزیکی مووسڵە و دیاری زۆری بۆدەبەن. (میران، ١٤٤).

٧. جەژنی ڕۆژوان: ئەم جەژنە دەکەوێتە مانگی کانوونی یەکەم و لەسەرەتای ئەو مانگەدا لە هەفتەی یەکەمیدا ڕۆژانی سێ شەممە و چوار شەممە و پێنج شەممە بەڕۆژوو دەبن، پێی دەڵێن (ڕۆژووی ئیزد)و لەچوارەم ڕۆژدا، کە دەکاتە ڕۆژی هەینی دەیکەن بە جەژنی ڕۆژووی ئێزد ( تۆلان، دەنگی لالش:٢٠٠٧ ).

٨. جەژنی چلەی هاوین و چلەی زستان: جەژنی چلەی هاوین یان جەژنی گەورەشی پێ دەوترێت، کە یەکێك لە جەژنە گرینگەکانی ئێزدی و هەر لالش دەکرێت، ئەم جەژنە تایبەتە بەڕۆژووگرتنەوە، کە لەنزیك ڕۆژی (٦/٢٤)هوە دەست پێ

دەکات و بۆماوەی (٤٠) ڕۆژ لە ڕۆژووگرتن بەردەوام دەبن، پاشان لەڕۆژانی دواییدا بۆ ماوەی (٤٠)ڕۆژ دەبێتە جەژن. ( خاك، ٥٠: ٢٠٠١).

جەژنی چلەی زستان دوای کۆتایی هاتنی ڕۆژووگرتنی زستان دەبێت، لە (١٢/٢٠)هەو دەست پێ دەکات، بڕوایان وایە لەم جەژنەدا شێخ عدی (٤٠)مریدی هەبووە بنەماو نهێنیی ئایینی ئێزدی فێرکردوون.( میران، ١٤٤).

شەشەم: ڕۆژوو گرتن

ئێزدییەکان دوو جۆر ڕۆژووگرتنیان هەیە، یەکێکیان گشتییە و هەموو تاکێکی ئێزدی دەیگرێت بەناوی ڕۆژووی (یزید)، ئەوەی تریش ڕۆژوو گرتنی خزر ئەلیاسە، کە تایبەتە بە پیاوانی ئایینی، ڕۆژووگرتنەکەشیان بۆماوەی سێ ڕۆژە، ڕۆژانی (سێ شەممەی یەکەمی مانگی کانوونی یەکەم)، هەر کە خۆرهەڵات خۆیان لە خواردن و خواردنەوە و جگەرە کێشان دەگرنەوە و تاوەکوو خۆرئاوابوون. ئەمیش بە مەراسیم و شێوازی تایبەتی خۆیان بەڕۆژوو دەبن.

ماوەی ڕۆژووگرتنی خدر ئەلیاس (٨٠) ڕۆژە، کە تایبەتە بەپیاوانی ئایینی (٤٠) ڕۆژی (٢٠کانوونی یەکەمدایە) بەواتای لە وەرزی زستاندایە، (٤٠) ڕۆژەکەی تریشی لە مانگی تەممووزدایە. (محمد التونجی، ١٤٩).

لەکاتی ڕۆژووگرتندا دەچن بۆسەر گۆڕی شێخ عدی و سێ ڕۆژ لەوێ دەمێننەوە و دواتر هەرکەسەو دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی و لەوێ بەردەوام دەبێت لە ڕۆژووگرتنەکەی، ئەگەر یەکێك خواردەمەنی بۆ ڕۆژەوانەکە هێنا، دەبێت بیخوات و نابێت دەستی ئەو کەسە ڕەت بکاتەوە، لە باوەڕی ئێزدییەکاندا ڕۆژووەکەی بۆ هەژمار دەکرێت. (ڕەشاد میران، ١٣٥).

حەوتەم: هەندێك داب و نەریت لەم ئایینەدا:

یەکێك لە دابەکانی ئەم ئایینە هێشتنەوەی سمێڵە، بەگشتی ئێزدییەکان سمێڵ ناتاشن و بە گوناهی دەزانن، ئەمەش وەك سیمبوڵێکی ئایینەکە و ناسینەوەیەتی.

پۆشینی جلوبەرگی شین لەلایەن قەدەغەیە، گۆشتی ماسی ناخۆن، کولەکە و بامیە و فاسۆلیاو کەلەرم و قەرنابیتیش ناخۆن. (میران، ١٣٦).

تاوس گێران یەکێکی ترە لە نەریتەکانی ئێزدی، ئەویش مەراسیمی تایبەتی خۆی هەیە، پەیکەرێکیان بۆ مەلەك تاوس هەیە و پێی دەڵێن (سنجاق)، کە پێکهاتووە لە باڵدارێك، کە هەڵنیشتووە لەسەر دارێك، ژمارەیان حەوت سنجاقە و لە قەبارەدا لەیەکتری جیاوازن و هەریەکەشیان هیمایەکە بۆ هەریەك لە حەوت خواوەندەکانیان. (الحسینی، ٤٤).

**تەوەرەی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی کاکەیی و باوەڕ و ئەرکە ئایینییەکانی**

**١.مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی کاکەیی**

کاتێك باس لە ناوی کاکەیی دەکرێت وەك گروپێکی ئاینی دەبێت ئاماژە بەو ناوانەی تریش بدرێت، کە ئەم گروپە ئایینیەی پێدەناسرێت،چونکە بە چەند ناوێك ناو دەبرێن وەك:(کاکەیی، ئەهلی هەق، یارسان) ناودەبرێن.(ئێزەدی، ٢٠٠٢: ٢٠)، ئەوانەی باس لە ناوی (کاکەیی)دەکەن دەڵێن ئەم ناوە زیاتر لە ناوچەی کوردستانی عێراقدا بەکارهاتووە ئەویش دیارە کە لە(کاکە)ی کوردییەوە وەرگیراوە کە بەمانای برای گەورە هاتووە.( میران، ١٦١).

هەندێ بڕوایان وایە بەهۆی موعجیزەیەکەوە ناوی(کاکەیی)بەسەر ئەم ئاینەدا دراوە،کە شێخ عیسایی باوکی سوڵتان ئیسحاق لە گوندی بەرزنجە خۆی و کورەکانی تەکیەیی گوندیان چاك کردووەتەوە یەکێك لە دارەکانی کورتی هێناوە و نەگەیشتوتە ئەمبەرەو بەری دیوارەکە لەم کاتەدا سوڵتان سەرێکی دارەکەی گرتووەو بەبراکەی ووتوە کاکە بکێشە بەم پێیە

دارەکە درێژبــووە و گەیشــتووەتە دیـواری ئەوبەر بەم مـوعجیزەیە نــاوی کــاکەیی بەســەر ئەم کـۆمەڵەیەدا بـراوە.( خصــباك، ١٩٧٢: ٤٩٢).

(عبـاس العـزاوی) پێیوابـوو ئەم نـاوە لەوەوە هـاتووە کەمـاوەیەك لە هەر یەك (عیـراق، تورکیـا، ئێـران)دا چەنـد کۆمەڵـك دروستبوون بەناوی (کومەلی الاخیە)لەسەر شێوازی (الفتوە) لەسەر بنەمای ئایەتێکی پیرۆزی قورئان، کە دەفەرمووێت (انما المؤمنون اخوە)گوایە ئەم رێورەچەیەش لەهەموو رووبەکەوە دەچێتەوە سەر بنەڕەتی (الاخیە) وشـەی(کاکەیی) یش دەقاو دەقی واتا کوردیەکەیەتی، بەڵام ئەم بۆچوونە بەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندیە ئاینیەکانی کاکەیەکان زۆر دوورە لە ڕاستیەوە.( ڕۆستەم، ٢٠٠٤: ١٦).

لەلایەکی ترەوە(شێخ محمد مەردۆخی)پێیوابووە، کە ئەمانە لە نەوەی(کاسۆن) لە مێژوودا بە (کـاکەیی) یان بە(کـالکوانلو) یا(کاغالو) ناویان هاتووە. (١٩٩١: ١٦) ڕایەکی تر هەیە دەڵێت، کە کاکەییەکان هەرکەس لەسەر ڕێ و ڕەچەکەیان بێت بە برای خۆیانی دەزانن، ئاشکرایە، کە(کاکە) لەزمانی کوردی دا بە برای گەورە دەوترێت، هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە کەسێك بۆ ئەوەی بەناوی خۆیەوە بانگ نەکرێت.( ڕۆستەم،١٠٦).

(محمد ئەمین هەورامانی) ئاماژە بەوە دەکات، کەزاراوەی(کاکەیی)پەیوەندی بە هۆیەکی ئایینی بەهێزەوە هەیە، تایبەتە بە ناوچەیەك یان چەند ناوچەیەك و زۆر فراوانیش نییە، (هەورامی ،١٩٨٤: ٦٨). سەبارەت بەناوبردنیان وەك (ئەهلی هەق) هەندێك پێیانوایە هەرچی بیروباوەڕی ئایینی تر هەن هەموویان کۆتاییان پێ دێت تەنها بیر و باوەڕی ئەمان نەمرە، چونکە لەسـەر هەقن و لە ڕاستی خـودا پەرستی گەیشتوون هەر لەم بووارەدا دەڵێت هەریەك لە (بـالولی مـاهی و حسێن کـوڕی مەنسوری حەلاج بەناوبانـگ بووە،بـابە تـاهیری هەمەدانی،خـواجە حـافیزی شـیرازی) و چەنـدین کەسـی تـریش، کە لە نـاو خۆشەویستی خـودادا خۆیـان توانـدووتەوە لەسـەر ئـایینی ئەمـانە بـوون.( ڕۆسـتەم، ٥٥)، لە ناونـانی ئەهلـی هەقیشـدا ، وشـەی(هەق ) بەمانـای (هەق)نـایەت وەك و مانـا فەلسـەفیەکەی، بەڵکـوو بە مانـای هەقیقەتێکـی باڵادێـت، کە ئەویـش خودایە.(هـ.ئاجەریان وئەوانی تر، ٢٠٠٥: ١٢).

ئەهلی هەق(پیاوانی خودا) ئایینێکی نهێنییە بەتایبەت لە خۆرئاوایی ئێراندا بـڵاوە، ئەگەر بمانەوێت ناوێك بۆ ئەم تایفەیە بدۆزینەوە دەبینین{ئەهلی هەق}وەك دەردەکەوێت تێرمێکی بەربڵاوە وەك لای حروفیەکان بەکارهاتووە جگە لەوە لە تێرمەکانی سۆفیگەری دەچێت، وەك ئەهلی هەقیقەت، ئەمە دوایی لای ئەهلی هەقەکانیش بەکارهاتووە.(مینۆرسکی، ٢٠٠٧: ١٤٩).

ئەوەی دەربارەی(یارسان)یش وتراوە ئەوەیە، کە ئەم ناوە لە بنەڕەتدا (یاریسان)ە، بەڵام شتێکی ئاشکراییە لە هەندێ ناوچەی کوردەواری دا پیتی(ی) کاتێك ئەرکی ئامرازی پەیوەندی دەبینێت قوت دەدرێت لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت(ی) نێوان (یار – سان) نەماوە و بووەتە یارسان، کە بەمانای (یاوەری سان)ە، هەربۆیە واژەی یارسان واتە هاوڕێی سوڵتان، مەبەست(سوڵتان ئیسحاق)هـ، یارسان بەو کەسانە وتراوە، کە شوێن کەوتەی سوڵتان ئیسحاقن.( شاوەیس، ٢٠٢١).

بەو پێیەش خەڵکی ناوچەی هەورامان(سوڵتان) یان کردووەتە (سان) و لای ئەمان ناوی سوڵتان ئیسحاق دەبێت بە سان ئیسحاق، کەواتە مانای (یارسان) دەبێتە یارانی سوڵتان، ئەم بۆچوونەیش زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە، ئەوەش بە پشت بەستن بەوەی، کە (سـان) وشـەیەکی کـوردی کـۆنە بەمانـای گەورە یـان نەمـر، کەواتە دەبێـتە هاومانای(سـوڵتان)( میـران: ٤٣)، کاکەیەکـان خۆیـان پێیـان خۆشـە بە (یارسـان)ناوببرێن، چـونکە لە دەقە ئایینیەکانیـان هـاتووە و بە (یار)نـاوبراون، کەواتـای یاوەری (سان)ە وەك لەم دەقە ئایینیە دا هاتووە:

هەر یارێ یاربۆ پەروانەی دینە

چەئەزەل ماوە ڕوی سەر زەمینە

هەر لێرەوە هەر کەسێك کاکەیی بێت بە یارسان ناسراوە ئینسانێکی بەواتا ئایینە.( شاوەیس، 2021).

قسەکردن لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی کاکەیی کارێکی تەمومژاویە، چونکە هەریەك لەسەرچاوەکان دا بەشێوەیەك باس لەسەر هەڵدانی ئەم ئاینە کراوە و بیرو ڕایان جیاوازە،کۆمەڵێك هۆکار وادەکات کە بیروڕایان جیاوازبێت لەسەر مێژووی ئەم ئاینە:

١.–ئاینی کاکەیی ئاینێکی نهێنی یە واتە بانگەشەی نەکردووە بۆ ئاینەکە.

٢. پەیرەوانی ئەم ئاینە حەزناکەن کەس زانیاری لەبارەی ئاینەکەوە بزانێت و بە گوناهی دادەنێن.(لڤین، ٢٠٠٧: ٥٧).

٣. دابرانێکی جوگرافی گەورە لەنێوانیاندا هەیە،هەڵگرانی ئەم ڕێوڕچەیە لەچەند ناوچەیەکی جیاواز وەکو(کافکاس، تورك، سووریا، لوبنان)هەروەها لە عێراق و ئێراندا دەژین ئەوانەیان لە عێراقدان لەناوچەکانی{گەرەکی قەڵەم حاجی و گوندی دووشێخ لە مەندەلی، گوندەکانی زەنقەر، تۆپ زاوا، علی سەرای، ناوەندی ناحیەی داقوق)، لەناو شاری کەرکووك و لەقەزای خانەقین و لە گوندی شەبەك نشینەکانی سەر بە پارێزگای موصڵ،هەروەها لە گوندی هاوار، هەوارەکۆن، دەرەتوێ و چەند ناوچەیەکی تر نیشتەجێن.( ڕۆستەم، ٤٥–٤٦).

ئەمانە و کۆمەڵە هۆکارێکی تر وای کردووە هەریەك لە مێژوونووسان بە شێوەیەك باس لەسەرهەڵدانی ئەم ئاینە بکەن و ڕایان جیاوازبێت لەسەریان.کۆمەڵێك باوەڕیان وایە دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە لە خانەوادەی(بەرزنجی یە).( کەریم زەند، ١٩٧١: ٧٥).هەندێکی تر پێیانوایە بە پێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستیاندایە ئەم ڕێ و ڕچەیە بەهۆی (بالولی ماهی)یەوە لەساڵی(٧٩٩)ز لە کرماشاندا بەدی هاتووە و لەسەدەی(١٣ و ١٤) واتە(١٢٠٠–١٣٠٠)ز بەهۆی سان سەهاکی بەرزنجیەوە لە شارەزوور و هەورامانـدا پەرەی سەندووە.( بۆرەکەیی، ٢٠٠١: ٥–٦).باوەڕو ڕێبازی ئەهلی هەق لەسەر بنەماکانی ئایینی (زەردەشتی، ئیسلام، مەسیحی، جولەکە، مانەوی، مەزدەك)دانراوەو لەسەدەی (١٤)واتە ساڵی(١٣٠٠)ز بڵاوبۆتەوە و (سوڵتان ئیسحاق کە کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی) یە، لە هەورامان و شارەزوور و کێوی داڵاهۆ و لە خۆرهەڵاتی لوڕستان پەرەی پێدراوە.( ئەحمەدی، ٧٥).

لێکۆڵەرەوە خۆرهەڵاتناسەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی هۆکاری گەشەی ئەم هۆزە دەگەڕێتەوە بۆ (سوڵتان ئیسحاقی کوڕی یەعقوب کوڕی یوسف کوڕی سەید مەنسورکوڕی عەبدولعەزیز کوڕی سەید عەبدوڵلە کوڕی سەید ئیسماعیل کە دەناسرێت بە ئیمام موسایی کازم).( الهرزانی، ٢٠٠٧: ٤٣).

گرنگترین کتێبی پیرۆزی ئایینی کاکەیی ناسراوە بە (سەرەنجام)، کە بریتییە لەکۆمەڵێك تێکستی ئایینی لەسەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی نووسراون، ناوەرۆکەکەی بریتییە لە بنەماکانی بیروباوەڕو ئامۆژگارییەکانی ئایینەکان و پاڕانەوە و سروت و ئەفسانەی ئایینی بە زمانی کوردی شێوەزاری گۆران نووسراون لەشەش بەش پێکهاتوون، کە ئەمانەن: بارگە بارگە، دەوری هەفتەوانە، گلیم وەکول و، دەوری چل تەن، دەوری عابدین و وردە سەرەنجام.( بۆرەکەیی، ١٣٧٥: ٢٠).

هەندێك باوەڕ و ئەرکە ئایینییەکانی کاکەییەکان

**١.ڕۆژوو گرتن:**

دەربارەی ڕۆژوو لای کاکەیەکان سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن لەگەڵ ئەمەدا کاکەییەکان جیاوازن لەڕووی گرتنی ئەم ڕۆژووە وە هەندێکیان ڕۆژووی(مەڕی نەوێ)دەگرن و هەندێکی تریان ڕۆژووی(قەوەڵتاس).کاکەییەکان ڕۆژووی یارانی قەوەڵتاس دەگرن هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێ لە هاوەڵانی قەوەڵتاس لە زستان دا لەگەڵ یەکدا پەیمان دەبەستن کە سێ ڕۆژووی{مەڕی نەوێ}لەسەر لوتکەی کێوی شاهۆدا بگرن بۆ ئەوەی سوڵتان ئیسحاق لەوێدا سەربەرزیان بکا و بیا نبینێ،بەڵام بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە ڕێگەیان دەبڕێ وە ئەوان لە ناو ئەو بەفرەدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەمێننەوە تاکو سوڵتان ئیسحاق ڕزگاریان دەکات لێرەوە یاریەکان بەبۆنەی ئەم سێ ڕۆژەوە هەموو ساڵێك سێ ڕۆژ بەناوی ڕۆژووی قەوەڵتاس دەگرن.(بۆرەکەیی، ١٣٧٥: ٥٧).

ئەم ڕۆژوو گرتنە دەکەوێتە چلەی زستان وە لە ١٣-١٤-١٥ ی کانونی یەکەمدایە کە پێویستە لەسەر هەموو کاکەییەك کە بالغبوو بیگرێت هەرکەس ئەم سێ ڕۆژە نەگرێت گوناە بارە لەماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا کاکەیەکان هەموو ئێوارەیەك جەمێك دەکەن وە نیاز دەبەخشنەوە وە لە ئێوارەی سێ یەمدا ئەو کەڵەشێرانەی کە ئامادەکراون دەکرێنە قوربانی دوایی سێ ڕۆژەکە دەیکەن بە جەژن و جەژنە پیرۆزە لەیەکتر دەکەن.(بۆرەکەیی، ٥٧).

**٢- جەژنی کاکەییەکان:**

بەشێوەیەکی گشتی کاکەییەکان دوو جەژنیان هەیە و بە پیرۆزی دەزانن مەراسیمی تایبەتی دەکەن لەم جەژنانەدا:

**١- جەژنی ڕۆژوو{جەژنی سێ شەوە}:**

ئەم جەژنە لەدوایی سێ یەم ڕۆژی ڕۆژووەکەیە،لەم شەوەدا زۆربەی کاکەییەکان جەم دەکەن و لە جەمخانە دەمێننەوە وە زیکر دەکەن دەف لێدەدەن تا درەنگانی شەو بەردەوام دەبێ ئەم شەوە زۆر پیرۆزە هەندێ جار ئەو شەوە جەم لەسەر چیای{چادرگە}دەکەن چونکە سوڵتان ئیسحاق یەکەمین جەمی لەوێ دا کردووە.

**٢- جەژنی نەورۆز:**

کاکەیەکان گرنگیەکی زۆر بە جەژنی نەورۆز دەدەن کە ئەم جەژنە بەلایەنەوە زۆر گەورەیە وە جەژنی خوڵقاندنی مرۆڤە یارییەکان لەم ڕۆژەدا ئاگر دەکەنەوە لەسەربان و بەردەم دەرگاکانیاندا لەدەوری ئاگرەکە وەك و ئەڵقە ڕادەوەستن وە دەست دەکەن بە هەڵ پەڕکێ و چەپڵە ڕێزان و شایی و خۆشی وەلەبەرکردنی جلی کوردی لەم جەژنەدا ڕێو ڕەسمی تایبەتی دەکەن و چێشتی جەژن دەکەن هەندێکیش لەبەر پیرۆزی ئەم ڕۆژە جەم دەکەن.(شاویس،٢٠٢٠).

**٣- برای یاری:**

گرتنی برای یاری یەکێکی ترە لە داب و نەریتە ئاینەکانی کاکەییەکان.کاکەییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم گرتنی برای یاریەش پێویستی بەڕێوڕەسمی جەم هەیە و دەبێت جەمێکی تایبەتی بۆ بکرێت وە قوربانی دەکرێت و دەبێت ئەوانەی کە ئامادەن ببن بە برایی یاری لەم جەمەدا ئامادە دەبن پیاوەکە دەچێتە ناو جەمەکە ئافرەتەکە لەبەردەم قاپی جەمخانەکەدا دادەنیشێت لەم جەمەدا سەید دوعایی تایبەت بەم برایەتیە دەخوێنێ و ئەو دوو کەسە دەبنە خوشك و برای یاری و لەهەموو لایەنەکاندا پشگیری یەکتر دەکەن و یارمەتی یەکتر دەکەن بەڵام هیچکامیان میراتگری یەکتر.(فەتاح،٦٠).

**٤. حەج{زیارەت کردن}:**

یەکێکی تر لە داب و نەریتە ئاینەکانی کاکەیی زیارەت کردنە کاکەیەکان زیاتر ووشەی زیارەتکردن بەکاردەهێنن لە جێگەی ووشەی حەج ئەمانە گەلی شوێنی پیرۆزیان هەیە کە هەمیشە زیارەتیان دەکەن ئەمانەیەش بریتین لە گۆری پیاوانی ئاینی وەك:[گۆڕی سوڵتان لەگوندی شێخان ،شاخوەشێن لە هاوار ،بابا یادگار لە زەهاو ،بابا تاهیری هەمەدانی لە منەدەلی .......... هەتا دوایی.(باقر،١٨٥).

**٥. هەندێك ئەرکی تری ئایینی کاکەیەکان:**

کاکەیەکان بەهەموو شێوەیەك خواردنی گۆشتی بەراز بە حەرام دەزانن و نایخۆن وە خواردنی هەموو خواردن و خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەر گوناهە رەنگی سەوز لەلایان پیرۆزە زۆربەی کات سەیدەکانیان کە ڕابەری ئاینین پێشتێنی سەوز دەبەستن وە کاتێك ئەمانە سەردانی نزرگەکانیان دەکەن پەڕۆی سەوز دەبەن لەوێ هەڵی دەواسن و پێی دەڵێن ئاڵای وە کاکەیەکان لە کاتی کۆبوونەوەی جەمدا زیکر دەکەن.(باقر، ١٨١).

نهێنی پارێزی یەکێکی ترە لەداب و نەریتە ئاینەکانیان کە هەرگیز نهێنی ئاینەکەیان بۆ کەس باس ناکەن و بەتاوانی دەزانن قسە لەسەر ئاینەکەیان بکەن وە کۆبوونەوە ئاینیەکانیان بەنهێنی دەکەن هەموو یارسانێك شەوانە کەدەچنە سەر نوێنی خەوتن پێویستە لەسەری تۆبە بکات لە هەر کردارێکی ناڕەوا کەکردبێتی وبڵێت:

ئەوەڵم یار ئاخرم یار ئیشارەتی پیرپادشا

ئەوەڵم یار ئاخیرم یار داود کۆسوار

**تەوەری سێیەم:**

**بەراورد لە نێوان هەردوو ئایینەکەدا**

یەکەم : خاڵە هاوبەشەکان

ئایینی ئێزدی و کاکەیی، کە دوو ئایینی دێرینی ناو کۆمەڵی کوردن، خاڵی هاوبەشیان زۆرە، لێرەدا هەوڵدەدەین بەکورتی باسیان بکەین.

**١. باوەڕبوون بە دۆنادۆن:**

هەردوو ئاینەکە باوەڕیان بە دۆنادۆن **(تناسخ الارواح)** هەیە (شاوەیس، 2021) وپێیانوایە مرۆڤەکان نامرن، بەڵکوو لە جەستەیەکەوە ڕۆحەکەیان دەچێتە جەستەیەکی تر (محەمەد، ٢٠٢٤: ٣٨٩؛ لڤین، ٢٠٠٧ :٥٦)، بەلای ئێزدییەکانیشەوە ڕوح بەسەر دوولادا دابەش دەبێت، بەشێکیان گیانی خراپەکارەو دەچێتە لەشی ئاژەڵی دڕندەو نالەبارە وەك: سەگ، بەراز، گوێدرێژ،....هتد، بەم شێوەیە سزا وەردەگرێت، بەڵام گیانی پاك دەچێتە ئاسمان و بەسەر خەڵکی زیندوودا دەگەڕێت و هەمیشە پەیوەندی بە جیهانی غەیبەوە هەیە، یان ئەو ڕۆحە دەچێتە ناو مرۆڤێکی باش.( الحسینی، ٨٧).

بەهەمان شێوە کاکەییەکانیش پێیانوایە هەموو مرۆڤێك خاوەنی گەردیلەی خوداییە، ئەو گەردیلانە لە مرۆڤی چاك و ئیمانداردا گەشە دەکات، بەڵام لە مرۆڤی خراپدا دەپوکێتەوە، لێرەوە دەڵێین گۆڕینی ڕوحەکان لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر لەسەر کاروکردەوەی خاوەنەکەیەتی، ئەگەر کەسێکی ئیماندار باش بێت ڕۆحی دەچێتە کەسێکی باش، بەڵام ئەگەر خراپ بێت ڕۆحی دەچێتە شتی خراپ.( میران، ١٦٩).

**٢. بوونی چینایەتی:**

لەهەردوو ئایینەکەدا دابەشبوونی چینایەتی هەیە، ئێزدییەکان دابەشبوونی بەسەر ئەم چینانەدا: میر، سەرۆکی ئایینی و دونیایی ئێزدییەکانە و دەسەڵاتێکی بێ سنووری بەسەریانەوە هەیە، میر لە بنەماڵەی شێخ ئادی، ئەم بنەماڵەیە ژن تەنها لەناو خۆیاندا دەهێنن و ژن بەکەس نادەن. (میران، ١٢١)، پسمیر، لە دەسەڵاتدا لەدوای میرەکانەوە دێن و لەنەوەی شێخ ئەبوبەکرن، ڕاوێژکار وهاوکاری میرن (فەتاح، ٧٩). بابەشێخ، ئەرکی بابەشێخ پاراستنی مەرقەدی شێخ عادی و بەرماڵەکەی شێخ، تەنها بابەشێخ دەتوانێت ماوەی ڕۆژەکانی ڕۆژوو و ژمارەی نوێژەکان و ئەندازەی زەکات دیاری بکات. لەدوای ئەو چینە چینی (پیر)دێت، کاری ئایینی ئەمانە ئەوەیە، کە خەڵکی فێری ڕێ ورەچەی ئێزدییە، ئەمانەش تەنها لە بنەماڵەی خۆیان ژن وژنخوازی دەکەن.( بۆرەکەیی، ٢٤).دوای ئەمانە فەقیر و قەواڵ وکۆچەك و مورید دێن، کە چەندین ئەرکی ئایینی و بەجێ هێنانی چەند مەراسیمێك لەسەر شانیانە. (بڕوانە: میران، ١٢٨؛ فەتاح، ٩١؛ نەجم ئەڵوەنی: ٤٣).لە ئایینی کاکەیشدا ئەو جیاوازییە چینایەتییە بەدی دەکرێت، هاوسەرگیری لەنێوان چینەکاندا نییە، هەر چینە لەنێو خۆیدا هاوسەرگیری دەکات، باوەکان وسەیدەکان، کە بەرزترینیانن لەناو یەکدا هاوسەرگیری دەکەن، بەڵام لەگەڵ مامەکان و عامەکاندا نایکەن، بەهەمانشێوە مامەکانیش لەگەڵ باوەکان و سەیدەکاندا هاوسەرگیری ناکەن. (محەمەد، ٣٨٩؛ ڤین، ٢٠١٠: ١٣٧).

بەهەمان شێوە دەبینین سیستەمی چینایەتی لەناو ئایینی کاکەییشدا هەیە و دابەشبوون بەسەر چەند چێنێکدا، لەوانە:

١. سەید، سەیدەکان نەوەی سوڵتان ئیسحاقن لەبەرەی حەوتەوانەن، پیرۆزترین و بەرزترین چینن لەناو کۆمەڵی ئەهلی حەقدان، هەموو کۆبوونەوە ئایینییەکانی (جەم) دەبێت سەیدەکان سەر جەم بن. (میران، ١٨٧).

٢. خەلیفە، ئەمانە لەنەوەی پیر ئیسماعیلی کەوەڵانین، کە یەکێکە لە حەفتاودوو پیرە، خەلیفە نزا دەخوێنێن بەسەر ئەو شتانەی، کە کراون بە قوربانی ئەم دابەشیان دەکات بەپێی ژمارەی خێزانەکان بەبێ جیاوازی گەورە وبچووك.( شاوەیس: ئەرشیفی گرووپی گوڵنار؛ ڤین، ٢٠٠٧: ٥٦).

٣. چاوەش، ئەمانە بنەماڵەیەکی تایبەتی و ڕەسەنی نەوەی سەحابەیەکی سوڵتان ئیسحاقن، بەناوی (کاك ئەحمەدی کۆنەپۆش)، لە کۆبوونەوەی ئایینی جەم دا یەکێك لەم بنەماڵەیە دەبێتە چاوەش (خادم) و خزمەتی بەشداربووانی جەم دەکات، هەر ئەویش ئەو کەڵەشێرو ئاژەڵانەی بۆ قوربانی دادەنرێن سەریان دەبڕێت. (میران، ١٨٩).

٤. دەروێش، ئەمانە ژیانێکی زاهیدانەیان هەیە و بەردەوام لە گەڕاندان، کاکەییەکان زۆر ڕێز لە ئەم چینە دەگرن و ئەمانە زیاتر خزمەتی ماڵی سەید دەکەن.

٥. کەلام خوان، ئەم کۆمەڵەیە تایبەت نین بە هیچ بنەماڵەیەك و هەموو چینەکان دەتوانن ببنە کەلام خوان و سرووتە ئایینییەکان لەبەر بکەن و لە کۆبوونەوە ئایینییەکاندا بیانڵێن.( ئۆمەرخالی، ٢٠٠٧: ٣٦).

٣. هێشتنەوەی سمێڵ: هێشتنەوەی سمێڵ سیمبوڵێکی ئایینی گرینگە لەلایەن هەردوو هەڵگرانی ئایینەوەکەوە، نیشانەیەکە بۆ ناسینەوەیان.( کاکەیی، ٢٠٢٦: ٢٩؛ ڤین، ٢٠٠٧: ٥٦). واتە سمێڵ سمبولی ناسینەوەی ئێزدییەکان و کاکەییەکان بووە لە ڕابردوودا.

٤. مۆرکردن یان سەرسپاردن: دیاردەیەکی هاوبەشی هەردووك ئایینەکەیە، یەك واتاشی هەیە، پێویستە لەسەر هەموو ئێزدییەك منداڵەکانیان هەر لە منداڵیەوە مۆر بکەن، (ئەڵوەنی، ١٠٢)، کاکەیەکانیش بەهەمان شێوە هەر لەمنداڵیەوە

مندالـەکانیان جـەوز دەشـکێنن و یەکێکـە لـە مەرجـەکانی بەکاکـەیی بـوون و هەرکـەس سەرنەسـپێرێ بـە کاکـەیی هـەژمار ناکرێت. ( لڤین، ۲۰۰۷: ٥٦).

٥. گرتنـی ڕۆژوو: ئێزدییـەکان ڕۆژوو گرتنێکـی گشـتیان هەیـە، کەسـێ ڕۆژە دەبێت هـەموو ئێزدییـەك بیگرێـت، کـە نـاوی ڕۆژووی ( یەزیـد)ە، کاکەیـەکانیش سـێ ڕۆژ ڕۆژووگرتنیـان هەیـە، کـە پێویسـتە لەسـەر هـەموو کاکەییـەك ئـەم سـێ ڕۆژە بەڕۆژوو بێت، کە پێی دەڵێن ڕۆژووی (قەوەڵتاس). ( لڤین، ۲۰۰۷: ٥٦).

٦. حەج یان زیارەتکردن: خاڵێکی تری هاوبەشی نێوان ئایینی ئێزدی و کاکەیی حەج کردنە، کە ئێزدییەکان حەج دەکەن و دەچنـە لالش، کاکەییـەکانیش چەنـد شـوێنێکی پیرۆزیـان هەیـەو سـەردانی دەکـەن، بـەڵام بـەزۆری سـەردانی گـۆڕی سـوڵتان ئیسحاق دەکەن لـە ناوچـەی شێخان لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان، کاکەییـەکان لەناوچـە جیاجیاکانـەوە دێن و زیـارەتی دەکـەن. (ڕۆستەم، ۱۲۸).

٧. بڕوابوون بـەخودا: یـەکێکی تر لـە خاڵـە هاوبەشـەکانی نێوان ئـەم دوو ئایینـە باوەڕبوونـە بـە خـودا، ئێزدییـەکان باوەڕیـان بەخودا هەیە، کاکەییەکانیش باوەڕیان بە خودا هەیە، بەوشێوەیەی، کەلە کۆبوونـەوەی ئایینی جەم دا سـەرەتا بـەناوی خودا دەست پێ دەکات، کە دەڵێن (حەق الله). (هەورامی، ۸۱).

٨. نهێنیی ئاینەکان: هـەردوو ئایینەکە بەشێکی زۆری نهێنین، بە گوناهی دەزانن ئەگەر لای کەسی بێگانـە باسی بکـەن، بـەردەوام هەوڵدەدەن کتێبەکانیان بپارێزن، کاکەییـەکان دەڵێن ئەگەر کەسێك نهێنـی ئایینەکە باس بکات کافرە، بـە هـەمان شێوە شێخە ئێزدییەکانیش بە گوناهی دەزانن، کە باسی ئاینەکەیان بکەن.(لڤین: ۲۰۰۷: ٥٦).

٩. گرتنی برای یاری ( برای ئاخیرەت):

گرتنی برای ئاخیرەن لە لای ئێزدییەکان یەکێکە لە نەریتە ئایینییەکانیان و دەبێت هەموو ئێزدییەك براو خوشکی ئاخیرەتی هەبێت، بەهەمان شێوە لای کاکەییەکانیش برای یاری هەیە و مەراسیمی تایبەت بەم بۆنەیەوە دەگێڕن. (فەتاح، ٦٠).

١٠. شوێنی جوگرافیایی، دەتوانین بڵێین یـەکێك لـە خاڵـە هاوبەشـەکانی ئـەم دوو ئایینـە ئەوەیـە، کـە هـەردووکیان شـوێنی جوگرافیای دروست بوون و شوێنە پیرۆزەکانیان کوردستانە، ئایینی کاکـەیی بەشـی زۆری پەیڕەوانی دەکەونـە ڕۆژهـەڵات و باشووری کوردستان، هەروەها لە باکور وڕۆژئاوای کوردستانیش (مینۆرسکی،2006: ٥٢)، ئایینی ئێزدیش شوێنی سەرەکیان باشووری کوردستانە و لە پارچەکانی تریشدا هەن.

١١. سەبارەت بە کۆتایی دونیا، لە هەردوو ئایینەکەدا باسی دونیاتێکچوون و کۆتایی دونیاو ڕۆژی دوایی کراوە، لە ئایینی ئێزیدیدا لە هەردوو قەولی ( قیامەتێ و ئاخیرەتێ)دا، بەمە بەتەواوەتی ڕوون کراوەتەوە، کە دونیا دوای شەڕوشۆڕ کۆتایی پێ دێـت و هەمـوو مرۆڤێـک دەچێـتە بەرقـاپی ڕەحمـان سـزاو پاداشـتی کردەوەکـانی وەردەگرێـت.( عەبـدول، 98:2020)، هەرچەندە لە ئایینی کاکەییدا هەر ڕوحێک هەزار جامە دەگۆڕێت و لە جامەی هەزارویەکەمیدا دەبێتە ڕوحی جاویدانی وپەیوەست دەبێت بە جیهانی سەرمەدییەتەوە، بەڵام لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بەبوونی بەهەشت و دۆزەخ هەیە و گوزارەی (ساجنار) کە ماناکەی دەبێتە ساجی ئاگرین، مانای دۆزەخ دەدات بە دەستەوە، لە چەند تێکستێکیشدا باسی حەشرونەشر کراوە.(عەبدول، 116)

**ب. خاڵە جیاوازەکانی نێوان هەردوو ئایینەکە**

ئـەم دوو ئایینـە وەکوو چۆن کۆمـەڵێك خـاڵی هاوبەشیان هەیـە، هـەردوو ئایینەکـە بـەهۆی ئـەوەی خـاوەنی سیسـتەمێکی تایبەتی دۆگما و شێوەی پەرستنی خۆیـانن، دەق ونووسراوی پیرۆزیـان هەیـە، کـە کۆمەڵـە خواوەند و ئەفسانەی دروستبوونی

دونیا، داب ونەریت و سروتی جۆراوجۆرەکانی ئاینیان گرتوتەخۆ، لە هەمانکاتدا لە هەندێك لایەنەوە لە یەکتری جیاوان، گرینگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. نوێژ، ئێزدییەکان چەند نوێژێکیان هەیە، ڕۆژانە سێ نوێژ دەکەن، نوێژی فەجر، نوێژی خۆرهەڵاتن، نوێژی خۆرئاوا ( ڕەشاد میران، ١٣٣؛ خانا ئۆمەرخالی،٢٠٠٧: ٥٧)، لە ئایینی کاکەیی دا شتێك نییە بەناوی نوێژ، نوێژ ناکەن، بەڵکوو ئایینەکەیان زیاتر نزاو پاڕانەوەیە، نزا دەکەن و دەپاڕێنەوە لە خودا بۆ هاتنەدی مراز، قوربانیش دەدەن. ( محەمەد ئەمین هەورامی،٣٥).

٢. ڕۆژووی تایبەت: لە ئایینی ئێزدییدا وەکوو ئاماژەی پێ کرا، چەند ڕۆژوویەکی تایبەتی هەیە، بەڵام لە ئایینی کاکەییدا لە ساڵێکدا تەنها (٣)ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن.

٣. جەژنەکان: ئێزدییەکان ژمارەیەکی زۆر جەژنیان هەیە، وەك: جەژنی سەری ساڵ، جەژنی کۆمەڵێ، جەژنی بیلێندە، جەژنی مردوان، جەژنی قوربان، جەژنی خزر ئەلیاس، جەژنی ڕۆژووان، جەژنی چلەی هاوین و چلەی زستان (تەوەری یەکەم)، بەڵام کاکەییەکان تەنها دوو جەژنیان هەیە، کە ئەوانیش جەژنی (سێ شەوە) یان جەژنی ( ڕۆژوو) و جەژنی نەورۆز، کە زۆر پیرۆزە لایان و مەراسیمی تایبەتی بۆ دەکەن ( هەورامی: ٤١).

٤. یەکێکی تر لەخاڵە جیاوازەکانی نێوان ئەم دوو ئایینە پرسی حەرامکراوەکانە، ئێزدییەکان کۆمەڵێك خواردن ناخۆن و بە حەرامی دەزانن، وەك: گۆشتی ماسی، کەلەرم، بامیە، یان لەبەرکردنی جلی شین، نابێت لەقاپ و ئامانی موسوڵماناندا نان بخۆن، لەگەڵ هەندێکی شتی تری وەکوو خواردنی گۆشتی کەڵەشێر، لەبەرئەوەیە کە مەلەك تاوس لە شێوەی کەڵەشێرە( میران، ١٣٢-١٣٣).، کە ئێستا بەهۆی تێکەڵاوبوونەوە وەکوو خۆی نەماوە و گۆڕاوە. بەڵام کاکەییەکان تەنها خواردنی مەشروبات و گۆشتی بەراز حەرامە، ڕەنگی سەوز لایان پیرۆزە لە نزرگەکانیاندا هەڵیدەواسن، گۆشتی کەڵەشێر زۆر دەخۆن و زۆر کات بۆ قوربانی کەڵەشێر سەردەبڕن. (بۆرەکەیی، ٥٠).

٥. پیرۆزی سیمبولەکان یاخود ئەو کەسانە لەلای هەردوولا پیرۆزن:

لەلای ئێزدییەکان مەلەك تاوس پیرۆزە و پلەوپایەکی گەورەی هەیە، وەك ئاڵای ئاسمان وایە، هێمای دروستکاری حەوت ئاسمانەکانە، کە بەسەر زەویدا دەسەڵاتدارە، مەلەك تاوس بە بڕوای ئێزدییەکان لەیەکەمین ڕۆژی خەلقی دونیادا خەلق کراوە، واتە لە ڕۆژی یەکشەممەدا و بەفەرمانی خودا هەتاوی خەلق کردووە، خۆی بووە بە خاوەندی هەتاو (ئیلیسێیف،2025: 119-115). بەڵام لەلای کاکەییەکان ئەم مەلەك تاوسە بوونی نییە، شێخ عادی شوێنێکی پیرۆزی لەلای ئێزدییەکان هەیە و تا ئەو ڕادەیەی، کە گۆڕەکەی بووەتە جێگەی حەج و قیبلە و شوێنی پەرستنیان و ساڵانە لە هەموو ناوچەکانەوە سەردانی دەکەن. (ئەڵوەنی: ٢٨)، بەڵام لەلا کاکەییەکان گۆڕی سوڵتان ( ئیسحاق کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی) ناسراو بە سوڵتان سەهاك، پیرۆزترین زیارەتگای کاکەییەکانە، کە دەکەوێتە ڕۆخی ڕووباری سیروان لە گوندی نەوسوودی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە سەردانی دەکەن و قوربانی بۆ دەکەن.(ڤین، ٢٠٠٧: ٥٦).

٦. کتێبە پیرۆزەکان: هەر یەکە لەم دوو ئایینە کتێبی پیرۆزی جیاجیایان هەیە و لە یەکتری ناچن، ئێزدییەکان کتێبی پیرۆزیان (جیلوە و مەسحەفا ڕەش)ە ( خانا ئۆمەرخالی، ٢٠٠٧: ١٠٨)، بەڵام کاکەییەکان تەنها خاوەنی کتێبی (سەرەنجام)ن، کە لەچەند بەشێك پێکهاتووە. (ڕۆستەم، ١٦٧؛ ڤین، ٢٠٠٧: ٥٦).

**ئەنجام**

١. هەریەکە لە ئایینی ئێزدی و کاکەیی دوو ئایینی دێرینی کۆمەڵگای عێراق و کوردستانن و مێژووی دروستبوون و بڵاوبوونەوەیان زۆر دێرینە، چەندین سەمبوڵ و داب ونەریت لە هەردوو ئایینەکە تێکەڵ بووە لەگەڵ ئایینی زەردەشتی و ئیسلام و مەسیحی.

٢. ناوی ئایینی ئێزدی بۆ وشەی (ئێزد) دەگەڕێتەوە، کە بەواتای خواوەندە، ئێزدییەکان خۆیان بە خواپەرست لە قەڵەم دەدەن، بەهەڵە ناوەکەیان بە یەزیدی ناو دەبرێت، کە گوایە دەگەڕێتەوە بۆ یەزیدی کوڕی معاویە.

٣. ئایینی کاکەیی، بەگوێرەی جیاوازی ناوچە جوگرافییەکانی کوردستان، بە کاکەیی و یارسان و ئەهلی حەق ناوبراون، بەڵام زیاتر بە کاکەیی و یارسان ناسراون.

٤. هەردوو ئایینەکە خاوەنی کۆمەڵێك داب ونەریت و شێوازی پەرستن و کتێبی جیاواز و نهێنین، هەربۆیە لەم ڕووەوە جیاوازییان هەبووە.

٥. ئایینی کاکەیی و ئێزدی وەك دوو ئایین لەگەڵ جیاوازییەکانیان هەندێك خاڵی لەیەکچوویان هەیە و لەیەکتری نزیکن، وەك باوەڕبوون بە دۆنادۆن، سەرسپاردن، سمێڵ هێشتنەوە و پرسی چینایەتی.

٦. هەردوو ئایینەکە ئایینی بانگەشە نەبوون ئەو کەسانەی کە هەڵگرو باوەڕی ئەم ئاینانەن دەبێت لە دایك وباوکەوە ئێزدی یان کاکەیی بێت.

**لیستی سەرچاوەکان**

١. ئەحمەدی، قادر (٢٠٠٥). کورد و مێژوو و کورتە باسێك لەسەر ئایین و مێژووی کورد، چاپی یەکەم، چاپ وئۆفسێتی قانع، سلێمانی.

٢. ئەڵوەنی، نەجم (١٩٩٩). ئاینی ئێزدی لە نێوان چەند جەمسەری وبڕوای یەکتاپەرستی دا، چاپی یەکەم، هەولێر.

٣. ئۆمەرخالی، خانا(دکتۆر) (٢٠٠٧)، ئێزدیاتی (جڤاك، سەمبۆل، ریتووەل ومیت)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤. ئێزەدی، میهرداد (٢٠٠٠). ئاین و تایفە ئاینییەکان لە کوردستان، وەرگێڕانی کامەران فەهمی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشاری (ی.ن.ك)، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٥. ئیڤانۆڤا، ن(٢٠٠٣). پێڕەوانی ڕاستی، یارانی کوردستان (ئەهلی هەق)، وەرگێڕانی: ئاسۆ کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنیری، هەولێر.

٦. ئیلیسێیڤ، ئە.ڤ(٢٠٢٥). لەناو ئێزدییەکاندا (کورتەباسێک دەربارەی بیروباوەڕ ورێوڕەسمە ئاینییەکانیان)، لەڕووسیەوە: کەیوان سدیق، سلێمانی.

٧. بەدلیسی، شەرەفخان(١٩٧٢). شەرەفنامە، وەرگێڕانی: هەژار موکریانی، لە چاپکراوەکانی کوڕی زانیاری کورد، بغداد.

٨. بۆرەکەیی، د.صدیق(٢٠٠٢). ئێزیدیەکان و ڕێ ورچەکەیان، چاپخانەی خاك، سلێمانی.

٩ . ..........(٢٠٠١). کاکەییەکان و ڕێ ورچەکەیان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنیری، سلێمانی.

١٠. زەند، کەریم(١٩٧١). ئاین وبیروباوەڕ لە کوردستان دا، سلێمانی.

١١. ..................(٢٠٠٤). خەرمان شارا (تۆماری تەمەن)، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی.

١٢. ڕەفعەت، نەوزاد صاڵح(٢٠١٦). یاداشتەکانی عیزەت کاکەیی ١٨٨٦_١٩١٤، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

١٣. سەجادی، عەلائەدین(١٩٥٢). مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم.

١٤. سەربەست حسێن(٢٠٠٢). ئێزدی یەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری، سلێمانی.

١٥. سەرگەلی، نذیر (٢٠٢١). ئێزدیاتی ل بەر ڕوناهیا قەول وسەبەقا، چاپخانەی هاوار، دهۆك.

١٦. فەتاح شاکر (١٩٦٢).یەزیدیەکان و ئاینی یەزیدی، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی.

17. کەمەرلی، ئەنستانس ماری(٢٠٠٦). ئێزدیەکان و (جیلوە و مەسحەفا ڕەش) وبیبلۆگرافیای ئێزدیاتی، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٨. کوردستانی، محەمەد مەردۆخی(١٩٩١). مێژووی کوردو کوردستان، وەرگێڕانی: عبدالكريم محمد سعيد، بغداد.

١٩. مینۆرسکی(٢٠٠٧). بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی: د.نەجاتی عەبدوڵڵا، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٢٠. میران، د.ڕەشاد(١٩٩٣).ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەنسور، ستۆکهۆڵم.

٢١. نەبەز، جەمال (دکتۆر)(١٩٨٦). سەرنجدانێك لە میتۆلۆژیای کورد، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست وهونەر، ستۆکهۆڵم، سوید.

٢٢. هـ.ئاجـەریان وئـەوانی تـر(٢٠٠٥). چەنـد سـەرنجێك دەربـارەی ئـەهلی حـەق، وەرگێڕانـی: نـەجاتی عەبـدوڵڵا، چـاپی یەکـەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢٣. هەورامانی، محەمەد ئەمین(١٩٨٤). کاکەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحوادث، بغداد.

**تێزی دکتۆرا:**

١.عەبدول، هێمن باقر(٢٠٢٠). وێنەی جەستە لە ئایینی ئێزدی وکاکەییدا (توێژینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا)، پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.

گۆڤار ورۆژنامە:

1.ئەنوەر، کەیوان ئازاد(٢٠١٣). مێژووی دەرکەوتنی ئایینی ئێزدی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB، ژمارە(٤٢)، ئەیلوول.

2.بوزانی، خەیری(١٩٩٧). قەولی پادشای، گۆڤاری لالش، ژمارە(٨)، دهۆك.

3.بۆرەکەیی، صدیق(١٩٩٩). ڕێ و ڕچەی یاری، گۆڤاری ئێستا، ژمارە (١٩)، سلێمانی.

4.شاڵی، هەوار(٢٠٠١). گەشتێك بۆ لالش وپەژداریکردن لە مەراسیمی جەژنی چلەی هاوینی ئێزدیەکان، گۆڤاری خاك، ژمارە (٥٠)، سلێمانی.

5.شەنگالی، خەیری(٢٠٠٧). ئێزدیاتی، گۆڤاری کەلەپوری کورد، ژمارە(١٢)، سلێمانی.

6............(٢٠٠٧). لێکۆڵینەوە، مێژووی ڕەچەڵەکی ئێزدیەکان بۆ کەی دەگەڕێتەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە( ٤٤٣٢)، سلێمانی.

7. کاکەڕەش، عەدنان(٢٠٠٧). ئاینی ئێزدی، گۆڤاری نوڤین، ژمارە(١٢)، سلێمانی.

8.کاکەییەکان بەنیازن بەڕێوەبەرایەتییەکی سەر بە ئەوقاف بکەنەوە، دیمانەیەك لەگەڵ ڕێبەرێکی ئاینی کاکەیی (باوا حەمید کاکەیی (٢٠١٠)، گۆڤاری لڤین، ژمارە(١٣٧)، ئەیلوول.

9.محەمەد، جیزنی زریان(٢٠٢٤). دۆنادۆنی ڕۆحە مەزن وپیرۆزەکان لە نێو ئایینی یارسان (کاکەیی)دا، گۆڤاری ئەکادیمیایی کوردی، ژمارە(٥٨).

نەورۆز، بەهرۆز(٢٠٠٧). سوڵتان حەقیقەت، گۆڤاری هەڵەبجە، ژمارە (١٢)، هەڵەبجەی شەهید، پایزی ٢٠٠٧.

10. هەردی مەهدی و ئیسماعیل عوسمان(٢٠٠٧). هاوارییەکان پەیڕەوانی ئاینی بێ بەهەشت وبێ دۆزەخ، لڤین، ژمارە(٥٦)، ئەیلوول.

11. وەلی، محەمەد عەلی.( ٢٠٠٧). کاکەییەکان لەترسی زەبروزەنگی ئیسلام سروتەکانیان ئاشکراناکەن، گۆڤاری کۆوار، ژمارە (٢٤)، ساڵی دووەم، کانوونی یەکەم.

12.لاوك(٢٠٠٩)، یەزیدیەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا، بەشی یەکەم، گۆڤاری چیا، ژمارە(٢٤)، ئاب.

**بەزمانی عەرەبی:**

١.احمد حسن(٢٠١٧). الحياة الدينية والثقافية للازيديين الكرد السوريين، القلم (مجلة)، العدد الثاني، اب ٢٠١٧.

٢. داود، ا.م.د. رضا سالم (٢٠١٨-٢٠١٩)، الاقلية الازيدية في العراق (بحث في الجغرافي السياسية)، مجلة مداد الاداب، عدد خاص بالمؤتمرات،

**ڕۆژنامە:**

١.چەتۆ، سید، ڕێ ورەسمێن جەژنا جەمایێ، دەنگی لالش، ژمارە(١٢)، سالا شەشەم، ٢٠٠٨/١٠/٧.

٢.تولان، کەمال، گرنگییا ڕۆژی گرتنێ و هنەك جەژنێن ئێزدیان، دەنگی لالش، ژمارە(٤)، سالا پێنجێ، ٢٠٠٧/١٢/١.

٣.مراد، سەگڤان، ژرێ ورەسمێن ئێزدیان، دەنگی لالش، ژمارە(١١)، سالا ئێکا، ٢٠٠٤/٣/١٧.

**بەزمانی فارسی:**

١. بۆرەکەیی صدیق(١٣٧٥هـ.ش). نامه سرنجام، چاپ اول، چاپخانەی حەیدەری،تهران،

**بە زمانی عەرەبی:**

١.الختاري، خدر خلات، تقاليد وعادات طريفية عند الازيدين، صوت لالش، العدد(٢٢)، سنة الاولى، ٢٠٠٤/٩/٢١.

**چاوپێکەوتن:**

١.چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆ شاوەیس، (٢٠٢١).وەرگیراوە لە:ئەرشیفی گرووپی گوڵنار.